ئەنجومەنی وەزیران ژمارەیەك بڕیاری لەبەرژەوەندی کارمەندانی پەروەردە وماموستایان وفەرمانبەرانی وەزارەت دەرکرد

ئەمڕۆ سێشەممە، ئەنجومەنی وەزیران پاکێجکی بڕیاری تایبەت بە ستافی پەروەردەیی و ماموستایان و فەرمانبەرانی وەزارەتی پەروەردەی دەرکرد.

بەگوێرەی راگەیەندراوکی نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆك وەزیران کەدستی موتەبع کۆتوو،محەمەد شیاع سودانی میوانداری سەرکی سەندیکای ماموستایان دەکات و ژمارەیەك بڕیارەکانی تایبەت بە تیمی پەروەردەیی و وانەوتنەوە و فەرمانبەرانی وەزارەتی پەروەردەی دەرکرد.

بەگوێرەی بڕیارەکان، ڕێکارەکانی دابەشکردنی پارچە زەوی بەسەر تیمی پەروەردە و فەرکاری لە بەغدا و پارێزگاکانی دیکە بەردەوام دەبن، لیژنەیەکی باڵاتریش پێکدەهێندرێت بۆ جێبەجێکردنی نوسراوی دیوانی سەرکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/دەستەی باڵای هەماهەنگی نێوان پارێزگاکان، کە لەزامەندی سەرکی حکومەت لەخۆدەگرێت بۆ دامەزراندنی گەڵەکی نیشتەجێبون بۆ تیمی پەروەردە و فەرکاری و فەرمانبەرانی وەزارەتی پەروەردە، هەروەها وەزارەتی دارایی کرێی گواستنەوە دەدات بە سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی، وەك لە بودجەی هەر بەڕێوەبەرایەتییەکی پەروەردەی سەر بە وەزارەتی پەروەردە

تەرخانکراوە.

ئەوەشخراوەتەوە، "وەزارەتی پەروەردە بۆی 100 هەزار دینار خەرجبکات بۆ بەوەبردنی کاری بەوبەرایەتی قوتابخانەکان، بۆ هەر وەرزێکی خوێندن، هەروەها بۆیاردرا بۆ چالاککردنی سەرجەم بگەکانی یاسای پاراستنی مامستایان (8ی سایی 2018)".

هەر بەگوێرەی بۆیارەکان، "ژماردنی قوتابخانە دورەکان و کارمەندانی پەروەردەیی لەو قوتابخانانەی کە زیاتر لە 100 کیلەمەتر لە ناوەندی شارەوە دورن و پشکەش بە وەزارەتی پەروەردە بکرێت بۆ دڵنیانەوەی چارەسەری گونجاو بۆیان، جگە لەوەش وەزارەتی دارایی لێکۆینەوە لەگەڵ هەژمارکردنی سانی خزمەتی خۆایی بکات بە مەبەستی پاداشت و پلەبەرزکردنەوە، بۆیاریشدراوە بە پێدانی قەرزی دارایی بە کارمەندانی پەروەردە و خوێندن لە بانکە حکومییەکان، بە ڕێژەی سودی کەم، بۆ باشترکردنی ئاستی بژێویان".